# جاشەکانی دوێنیٚ و بەرپرسەکانی ئەمرۆ


**عومەر جەلال-چەمچەماڵ**

Omargalal2004@yahoo.com



لە هەفتەنامەی هەواڵ ژمارە (198) بلاٌوبووەتەوە


هیچ سەیر نییە لە کۆمەڵگەی کوردی دا ئەگەر دەستت هەبێت لە ناو بردنی هەزاران کورد ,ئەگەر جاشێکی کۆنە بەعسی بیت ئەوە هەنووکە ڕێزێکی زۆرت لێدەگیرێت,دەبیتە بەرپرسێکی ناسراو,بیٚ ڕەچاو کردنی باکگراوندەکەت ,ئەو جاشە خۆفرۆشانەی ڕۆژانێك دەستی ڕژێمی بەعسیان دەگرت ,گوند بە گوند تەعاروفیان لەتەك دار و بەردی کوردستان پێدەکردن,منداڵە چاوگەشەکانی گەرمیانیان ئەنفال دەکرد,کچە قەشەنگەکانی گوندەکانیان دەبرد بەرەو بیابان ,بیابانێك تەنیا خواوجاشەکان دەزانن چی لێیە,هەر ئەو جاشانەی دوێنی دەستیان لە ناو دەستی بەعسیزم بوو.هەنووکە دەستیان لەناو دەستی بەرپرس و سەکردەکانە,ئەمە دەکاتە ئەوەی ئەگەر جاشەکان سزا نەدرێن ,یانی دەسەلاٌتی ئێمەش بەشدار لە پرۆسەی ئەنفال و ژینۆساید,دەبێت دەسەلاٌت باش ئاگاداری ئەوەبێت ئەگەر لەچەند ڕۆژێکدا خۆپیشاندان بەهۆی قەیرانی سوتەمەنییەوە کرابێت,دەبێت دڵنیا بێت لەوە ,دەشیٚ خۆپیشاندانی دیکە بەرێوەبێت دژ بە جاشە تاوانبارەکان ئەوانەی دەستیان هەبووە ئەنفال کردنی کورد, ئەمڕۆ نەوەیەك درووست بووە پەسەندی ئەوەناکات جاشەکان لە پۆستە بالاٌکاندابن ,ئەمەش یەکسانە بەوەی دووبارە کردنەوەی ئەنفالە بە وێنایەکی دی.بۆئەوەی چی دی دەسەلاٌت دووبارە و چەند بارە دڵی شکاوی قوربانیانی ئەنفال و شەهیدەکان نەشکینێت,باشترین هەلە بۆ سزادانی تاونبارانی جاشە کوردەکان کە دەستیان هەبووە لە ئەنفال,خاوەن ئەنفالەکان دەیانەوێت سزای تاوانباران بدرێت وگرنگ نیە کێە ,گرنگ ئەوەیە بە سزای خۆیان بگەن,جاشەکانیش دەبێت ئەوە باش بزانن کە ئەمڕۆ ناتوانن وەك ئەو ڕۆژانە کە لەپشتی دەسەلاٌتەوە خۆیان حەشار دابوو ,هەنووکە ناتوانن وا بە سانایی لە دەستی پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال دەربچن,ئەگەر دوێنیٚ پەنایان هەبووبێت ,ئەمڕۆ ناتوانن لەدەستی هاولاٌتیان دەربازبن,دەسەلاٌتیش دەبێت و زۆریش گرنگە کە دەنگی خۆی لەتەك دەنگی خەڵكیدا یەکبێت وبەیەکەوە ئیشێکی تۆکمە بکەن بۆ دۆزینەوەی ئەو جاشە کوردانەی کە تا هەنووکە خۆیان گێل دەکەن لەو تاوانە نەگریسانەی کە دژ بە کورد کراوە.لەم ماوەیەدا دەنگۆی ئەو بڵاو بووەوەکە نزیکەی دوو سەد هەزار جاشی خۆفرۆش لە ڕیزەکانی سوپای بەعسدا بوون , زۆربەیان ئێستا لە ژێرسایەی دەسەلاٌتی کوردی دا خۆشترین ژیان بەسەر دەبەن و ئەگەر بەراووردێکی بکەین بە پاشماوەی کەس و کاری ئەنفالەکان ئەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بەتەنیا دەسەلاٌت ئەوەندەی خزمەتی بە کۆنە بەعسی و جاشە هیچەکان دەکات نیو هێندە لە خزمەتی قوربانییەکاندا نییە ,ناکرێت خاوەن قوربانییەکان تەنیا دڵ بەوە خۆشبکەن بە دادگایی کرنی دیکتاتۆر بەختەوەر دەبن ,بەختەوەری وگەڕانەوەی شادومانی بۆ پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال لەوەدایە کە سزای هەموو تاوانبارەکانی بدرێت چ جای ئەوەی ئەگەر کەسێکی کورد بێت ,گرنگ سزادانە و پەپرەوکردنی یاسا,ئازارەکانی پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال وژینۆساید بەوە سارێژ ناکرێت لەساتی یادکردنەوەدا گرنگیان پێبدرێت ,ئەنفال گەورەترین کارەسات بووە بەسەر کورد هاتووە,ناکرێت بەسانایی لە تاوانباران خۆش ببین ,گەورەترین هەڵەی دەسەلاٌت ئەوەیە لە جاشە کوردەکان ببورێت,گومانی تێدا نییە ئێمەی کورد میللەتێکی بەخشەندەین .میللەتێکی لێبووردەین,بەلاٌم سنووری لێبووردن و بەخشین تێپەڕی کرد,جوانتر وایە بەر لەوەی هاوولاٌتیان پەنا بەر نە توندوتیژی دەبێت دەسەلاٌت لێکۆڵینەوەی تەواو بکات لەسەر ئەو کەسانەی کە دەستی ڕەشیان هەبووە

له ئەنفال و له ناو بردنی کورد ,بەتايبەتی ئەو جاشانەی کە ئەوەندەی کورديان لەناو برد نيو هيێندە بەعسيزم نەيدەزانی کورد لەناو بەرێت,دەکرێت دەسەلاٚت ئەو جاشانە لە خۆی دوورکاتەوە کە ڕۆژانێك لەتەك بەعسدا گوندەکانيان وێران دەکرد, سزای تايبەت بدرێن,بەر لەوەی دۆخەکە ئاڵۆزتربێت .